قونووت له نوێژداو

كورته باسێك

دانانى

سيد محمد سيد اسماعيل سيد عمر

پێشنوێژى مزگه‌وتى فرقان

هه‌ولێر

٥٠

قونووت له نوێژداو

كورته باسێك

دانانی

سيد محمد سيد اسماعيل سيد عمر
پێشنوێژی مزگه‌وتی فرقان
هه‌ولێر

تێبینی:

مامۆستا سید محمد سید اسماعیل ئـەم بابەتـەی بـە عـەرەبی نووسـیوە، عمـر سـید محمد کردوویەتە کوردی.

بسم ا للہ الرحمن الرحیم

پێشەکی

الحمـد لله رب العـالمين والصـلاة والسـلام علـى خـير الأولين والآخرين وعلى آله وصحبه اجمعين، وبعد..

ماوەیـەک بـوو تێبینـی ئـەوەم دەکـرد سـەبارەت بـە مەشروعی‌یەتی قونـووت لـە نوێـژی بـەیانیاندا پرسـینەوە هەیـە؛ هەبوو حەزی دەکرد روون کردنەوەی زۆرتر لـەم بارەیـەوە ببیسـێ وەک ئەوەی بڵێین لـە وەڵامـی سـەرپێیی زیـاتر بـێ، ئـارەزووی ئەوەشی دەکرد بەڵگەی دیاری بۆ دەستنیشـان بکـرێ. هـەر لـەم بوارە چەند برایەک داوایان لـێ کـردم شـتێکیان بـۆ بنووسـم. جـا هەرلە هەوڵی وەڵامی ئەو برایانە کەوتمە سەر ئەو فیکرەی ئـەم بابەتە بکەمە نامیلکەیەک و مەشروعی‌یەتی قونووت لـە نویـژی بـەیانیاندا روون بکەمـەوەو ئـەو بـیرو رایانـەی سـەبارت بـە قونووتەوە هەن بە پێی تواناو بە پێی گرنگییان بەدیاریان بخـەم، دیسـان هـەر لەگـەڵ ئـەم بابەتـە قونووتـی نوێـژی کارەسـات و

قونووتی نوێژی (وتر)یش کە پەیوەندیدارن لەگەڵ یەک بخەمە بەر هەوڵی روون کردنەوەیەکی خێرا. ئومێدیشمان سوودی موسڵمانان و رەحم و رەزامەندی خودای پەروەردگارە.

أعوذ بالله السميع العليم من الشيطان الرجيم

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿بل له ما في السموات والأرض كلٌّ له قانتون﴾(البقرة:١١٦).

﴿حافظوا على الصلوات والصلاة الوسطى وقوموا لله قانتين﴾(البقرة:٢٣٨).

﴿الصابرين والصادقين والقانتين والمنفقين والمستغفرين بالأسحار﴾(آل عمران:١٧).

﴿يا مريم اقنتي لربك واسجدي واركعي مع الراكعين﴾(آل عمران:٤٣)

- ﴿فالصالحات قانتات حافظات للغيب﴾(النساء:٣٣)
- ﴿ان ابراهيم كان أمةً قانتاً لله حنيفاً ولم يك من المشركين﴾(النحل:١٢٠).

- ﴿ومن يقنت منكنّ لله ورسوله وتعمل صالحاً نؤتها اجرها مرتين وأعتدنا لها رزقاً كريماً﴾(الأحزاب: ٣١).

- ﴿انّ المسلمين والمسلمات والمؤمنين والمؤمنات والقانتين والقانتات والصادقين والصادقات والصابرين والصابرات والخاشعين والخاشعات والمتصدقين والمتصدقات والصائمين والصائمات والحافظين فروجهم والحافظات والذاكرين الله كثيراً والذاكرات أعدّ الله لهم مغفرةً وأجراً عظيماً﴾(الأحزاب: ٣٤).

- ﴿أمّنْ هو قانتٌ آناء الليل ساجداً وقائماً يحذر الآخرة ويرجو رحمة ربه﴾(الزمر: ٩).

- ﴿عسى ربه إن طلقكنّ أن يبدله أزواجاً خيراً منكنّ مسلماتٍ مؤمناتٍ قانتاتٍ تائباتٍ عابداتٍ سائحاتٍ ثيباتٍ وأبكارا﴾(التحريم: ٥).

﴿ومريم ابنت عمران التي أحصنت فرجها فنفخنا فيه من روحنا وصدّقت بكلمات ربها وكتبه وكانت من القانتين﴾(التحريم: ١٢).

وشەی (القنوت) یانی چی؟

بەر لـەوەی بچینـە نـاو بابەتەکـەوە بـە پێویسـتی دەزانم چـەند دێڕێـک لـە دەرحـەقی مانایــە زمانەوانی‌یەکــەی وشــەی قونووت بنووسم؛ تا شێوازی بەکارهێنانە فەرهەنگی‌یەکەی وەدیار بکــەوێت و ببێتــە مایــەی زێــتر روون کردنــەوەی مەبەســتی بابەتەکەی ئەم نامیلکەیە.

لە فەرهەنگی (لسان العرب)[1] لە ئەڵقـەی پیتـی (ق)دا، وشەی (القنوت) ناوزەد کراوە؛ وەک دەردەکـەوێ وشـەیەکی فـرە واتایە، بۆ چەند مـانایەکی جودا جـودا بـەکار دێـت و هـەموویان لەگـەڵ ئـەو مانایانـەدا دەگونجێــن کـە لــە قورئــانی پــیرۆزو فــەرموودەکانی پێغەمبــەرﷺ و، قسـەو نووسـینی زانایـە زمـان پاراوەکاند هاتوون؛ مـانایەکانیش ئەمانەن:

خۆگرتن لە قسەو بێ دەنگ بوون، نوێژ کردن، دوعا کردن

[1] لسان العرب المحيط للعلامة ابن منظور.

له نوێژدا، مل کەچ کردن له نوێژدا، دان پێدانان به بەندایەتی بۆ خودا، تاعەت کردن و راوەستان و درێژەدان به راوەستان.

خودای گەوره له قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: ﴿وقوموا لله قانتين﴾ لێرەدا وشەی (قانتين) که کۆی (قانت)ەو (قانت)یش دارێژراوێکی وشەی قونووته بەمانای قسه نەکردن و بێ دەنگی‌یه. (زيد کوڕی ارقم) دەفەرموێ: پێشتر، ئێمه له نوێژدا قسەمان دەکرد، بەڵام هەر که ئەم ئایەته هاته خوارەوه ئەوا له نوێژدا بێ دەنگ بووین و قسەمان لەخۆ قەدەغه کرد.

له پێغەمبەری خوداﷺ دەگێڕنەوه ((أنه قنت شهراً في صلاة الصبح بعد الركوع يدعو على رعلٍ وذكوان)) واتا یەک مانگ له نوێژی بەیانیاندا لەدوای روکوعدا دوعای کردوه؛ دوعای له هۆزی (رعل)و (ذکوان)[٢] کردووه. وشەی (قنت) لێرەدا لەگەڵ وشەی (دوعای کرد) هاو واتایه.

(أبو عبيدة) دەفەرموێ بنەچەی وشەی قونووت له زۆر

---

[٢] رعل و ذکوان، ناوی دوو هۆزن.

شتدایە، لەوانە: راوەستان، کە چەند فەرموودەیەکی پیرۆز لەم بارەیەوە هەن واتا وشەی قونووتیان تیادا بەمانای راوەستان هاتووە چونکە نوێژکەر ئەو وەختەی دوعایەکە دەکات بە پێوەیەو لە حاڵەتی راوەستاندایە کە لە (اعتدال)ی دوای روکوعە.

(جابر) خودای لێ رازی بێ دەفەرموێ لە پێغەمبەریان پرسی: کامە نوێژ لە هەموو نوێژان خێری زیاترە؟ فەرمووی ئەو نوێژەی قونووتەکەی درێژ بێ کە لە فەرموودەکەدا بۆ ئەم مانایە (طول القنوت) هاتووە، (طول القنوت)یش بەمانای (طول القیام)ە واتا راوەستانی زۆرو درێژەدان بە راوەستان.

هەندێ جار بە مرۆڤی نوێژکەر دەگوترێ (قانت) وشەی (قانت)یش دارێژراوێکی وشەی قونووتە هەر وەکو لەم فەرموودەیەدا دیارە کە دەفەرموێ: ((مثل المجاهد في سبيل الله كمثل القانت الصائم)) واتا وێنەی ئەو کەسەی لە رێی خوادا غەزا دەکات و خەباتگێڕی رێگەی خودایە؛ وێنەی نوێژکەری رۆژووگرە.

فەرموودەیەکی دیکەی پێغەمبەرﷺ هەیە دەفەرموێ: ((تفكرُ ساعةٍ خيرٌ من قنوتِ ليلةٍ)) واتا یەک سەعات بیر کردنەوە لە زات و سیفەت و توانستی بێ پایانی خودا؛ خێری لە نوێژی یەک شەوی تەواو زیاترە، لێرەش وشەی قونووت بە مانای نوێژ هاتووە.

خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێ ﴿كل له قانتون﴾ لێکدانەوەکەی لەوە دایە کە دەڵێ هەموویان لەبۆ ئەو (واتا لە بۆ زاتی خودا) گوێڕایەڵن و لە تاعەتدان، جا بەپێی ئەم دارێژراوەش کە وشەی (قانتون)ە ئەوا لێرەدا قونووت بەمانای تاعەت کردن هاتووە[٣].

هەر لە مانایەکانی وشەی قونووتدا بە پێی زانینی زەمانەوانان ئەوا (الشيخ الحافظ زين الدين العراقي) پارچە شیعرێکی سەبارەت بە فرەمانایی وشەی قونووت ڕێکخستووە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

---

[٣] تا ئێرە لە (لسان العرب) وەرگیراوە.

ولفظ القنوت عدد معانيه تجد　　مزيداً على عشر معان مرضيه

دعاء خشوع والعبادة طاعة　　إقامتها إقراره بالعبوديه

سكوة صلاة والقيام وطوله　　كذاك دوام الطاعة الرابح الغنيه

واتـا ، بيـژەی قونـووت مانايـەكانی زيـاتر لـە دە مانـــای پەســەندن؛ دوعـايـە ، مـل كـەچ بـوون بـۆ زاتـی خودايـــە ، خـــودا پەرستی‌یە ، تاعـەت كردنە ، هەڵسـتان بـە تاعـەتـە ، دان پێدانـانی بەندەیە بە بەندايەتی بـۆ خـودا ، بـێ دەنـگ بوونـە ، راوەسـتانە ، درێژە پێدانی راوەستانە هەر وەها بەردەوام بوونی سەر تاعـەتە.

ئەمانە مانايە زمانەوانی‌یەكانی وشەی قونووتن كـە هـەر يەكە لە شوێنی تايبەتی‌و گونجاوی خۆياندا لە رستەدا رێكن.

وشەی (القنوت) وەکو زاراوە

هەرچی مانای زاراوەیی وشەی (القنوت)ە ئەوا بەپێی زانستی شەرع لەنێو ئەم پێناسەیەدا بەدیاری دیارە کە دەڵێ: قونووت چەند ویردێکی تایبەتی‌یەو لە شوێنێکی تایبەتیداو بریتی‌یە لە هەندێ دوعاو زیکری خودا.

مەبەست لەم پێناسەیە ئەوەیە وەختێ نوێژکەر لە روکوعدا قیت دەبێتەوە هەردوو دەستی بەرز دەکاتەوەو دوعایەک هەیە (لە لاپەڕەکانی داهاتوودا دەینووسین) دەیخوێنێ، کە تەواو بوو ئەوسا دەچێتە سەجدە. جا مانایە شەرعی‌یەکەی، کە لێرەدا مەبەستە، لەگەڵ هەموو مانایە زمانەوانی‌یەکاندا دەگونجێ بەڵام لە هەندێکیاندا دیارتر دیارە وەک لە هەندێکی دیکەیاندا بە تایبەتی لەو مانایەی دوعا کردن دەگرێتەوە.

سەبارەت بە شوێنی قونووت خوێندنیش هەر وەکو

گوتمان لەدوای روکوع دایە بەڵام ئیمـامی (أبـو حنیفـة)و چـەند زانای دیکە لەو بڕوایەدان کە لەپێش روکوعدا دەبێت ئەویش لـە نوێـژی (وتـر)دا هـەر وەکێ لـە لاپـەڕەکانی داهـاتوودا روونیـان دەکەینەوە.

قونووتی نوێژی بەیانیان و دووبیرورِا

مرۆڤی زاناو زانست پەروەر لەنێو یارانی پێغەمبەردا ﷺ و لەنێو زانایانی سەردەمی دوای ئەوان و، شەرعزانە پێشینەکان و زانایانی دوای ئەوانیش؛ هەموویان سەبارەت بە مەشروعیەتی قونووت لە نوێژی بەیانیاندا بوونەتە دوو تاقم و دوو بیرورِا ﴿وَلِكُلٍّ وِجْهَةٌ هُوَ مُوَلِّيهَا﴾[4]. هەر تاقمێکیش لەم دووانە بەڵگە لەنێو فەرموودەو رەفتارەکانی پێغەمبەر ﷺ داو، بەڵگە لەنێو رەفتاری یاوەران و زانایە پێشینەکان دەکاتە کۆڵەگەی راستیی بیر بۆچوونی خۆی.

پەنا بەخوا سەرەتا ئەو فەرموودە پیرۆزانە دەنووسین خاوەنی هەردوو بیر کە، بیرورِای خۆیان لێ هەڵێنجاوەو

---

[4] سورەتی البقرة ١٤٨.

کردوویانەتە سەرچاوەی حوکم لێدان و بەڵگەی بۆچوونی خۆیان.
لە پاشدا هەڵبژاردە لەنێو ئەم دوو بیرو ڕایە دەخەینە ڕوو کە هەڵبژاردەی لایەن زانای لێتۆژەرن، ئەویش بە پێی تێگەیشتن و دەرکێ پێ کردنی خۆیان؛ هەڵبژاردنەکەیان لەو فەرموودانەدا کردووە، ئینجا هەر لەنێو فەرموودەی یاوەرانداو لەنێو فەرموودەی ئەو زاتانەی؛ پێغەمبەری مەزنﷺ لەنێو هەموو یاوەراندا پەنجەی ستایشی بۆ ئاماژە کردوون؛ بەڵگەی دیکە دەهێنینەوە کە دەبنە سەلمێنەری بیرو ڕای ئێمە لەسەر مەشروعیەتی قونووتی نوێژی بەیانیان.

بیرو ڕای یەکەم

خاوەنی ئەم بیرو ڕایە دەڵێن قونووت لە نوێژی بەیانیاندا سوننەتە، ئەگەر نوێژکەر بیخوێنێ ئەوا لە لایەن خوداوە پاداشتێکی زۆری لێ دێتە بەرهەم، بەڵگەش بۆ بیرو ڕایەکەیان لە چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەرەوە دەخوازن، کە ئەم فەرموودانەی خوارەوە فەرموودەی دیاری ئەم بابەتەن:

عن أنس ﵁ انه قال: ما زال رسول الله ﷺ يقنت في صلاة الصبح حتى فارق الدنيا. رواه الدارقطني والحاكم وعبدالرزاق[٥].

لە ئەنەس خودای لێ رازی بێ دەگێڕنەوە فەرموویە کە پێغەمبەری خودا ﷺ هەتا ئەو کاتەی مالاوایی لە دونیا کرد دوعای قونووتی لە نوێژی بەیانیاندا هەر دەخوێند.

عن أنس ﵁ أن النبي ﷺ قنت شهراً يدعو عليهم ثم

---

[٥] التاج الجامع للاصول في أحاديث الرسول ج١.

ترك، فاما في الصبح فلم يزل يقنت حتى فارق الدنيا. حديث صحيح[6].

واته له ئەنەس خوداى لێ رازى بێ دەگێڕنەوە كە پێغەمبەرﷺ يەك مانگ قونووتى كردووەو دوعاى لێ كردوون[7]، پاشان وازى هێنا بەڵام لە نوێژى بەيانياندا هەتا كۆچى دوايى كرد ئەوا دوعاى قونووتى هەر دەخوێند. فەرموودەكە لە جۆرى (صحيح)ە كۆمەڵێك لە زانايانى فەرموودەى پێغەمبەر بە (صحيح)يان داناوە، لەوانە (ابو عبدالله)و (الحاكم)و (البيهقي)و هەروەها (الدارقطني)ش ريوايەتى كردووە.

روى البيهقي عن عمرؓ من طُرقٍ وعن عبدالله بن معقل التابعي قال: قنت عليؓ في الفجر. رواه البيهقي وقال هذا عن علي صحيح[8].

(البيهقي) لە ئيمامى عومەر خوا لێى رازى بێ بە چەند

---

[6] المجموع شرح المهذب للإمام النووي ج٣ ل٤٩٣.

[7] دوعاى لە هۆزەكان كردووە.

[8] المجموع ج٣.

ڕێیان دەیگێڕێتەوە، هەروەها لە (عبـدا للە ی کوڕی معقـل)یـش دەگێڕێتـەوە کـە فەرمـوویـە ئیمـامی (علـی) قونووتـی نوێـژی بەیانیانی کردووە. ئەم فەرموودەیە لـە ریوایـەتی (البیهقـی)یـەو دەڵێ ئەم قسەیە ڕاستەو ئیمامی (علی) وای کردووە.

٤) عـن العـوام بـن حمـزة قـال سـألت أبـا عثمـان عـن القنوت في الصبح قال بعد الركوع، قلت عمّن قـال عـن أبـي بكر وعمر وعثمان وعليﷺ. رواه البيهقي حديث حسن[٩].

لە (العوام کوڕی حمزە) دەگێڕنەوە فەرموویە، سەبارەت بـە قونووتـی نوێـژی بـەیانیان پرسـیارم لـە (أبـا عثمـان) کـرد فەرمووی لەدوای روکووعـە گوتم لە کێیەوە؟ گوتی لە (ابوبکـر)و (عمر)و (عثمان)و (علی) خودایان لێ ڕازی بێ.

٥) عن البراء أن رسول ا للهﷺ كان يقنـت في الصبـح والمغـرب. رواه الخمسـة. وفي روايـة عـن الـبراء أنّ النـبيﷺ

---

[٩] هەمان سەرچاوە.

يقنت في صلاة الصبح. رواه أبو داود[10].

له (البراء) دەگێڕنەوە فەرموویە کە پێغەمبەرﷺ لە نوێژی بەیانیان و نوێژی مەغریبدا قونووتی دەخوێند، هەر لە (البراء)ەوە لە ریوایەتێکی دیکەدا لێی دەگێڕنەوە فەرموویە پێغەمبەر لە نوێژی بەیانیاندا قونووتی دەخوێند.

٦) أخبرنا اسماعيل بن مسعود قال حدّثنا بشر بن المفضل عن محمد بن سيرين قال حدثني بعض من صلّى مع رسول اللهﷺ صلاة الصبح فلّما قال سمع الله لمن حمده في الركعة الثانية قام هُنيّة. رواه النسائي وأبو داود[11].

(اسماعيل کوڕی مسعود) بۆی گێڕاینەوە گوتی (بشر کوڕی المفضل) لە (محمد کوڕی سیرین)ی بیستووە گوتوویەتی هەندێ لەوانەی نوێژی بەیانیان لەگەڵ پێغەمبەرﷺدا کردووە قسەیان بۆ کردووم و گوتیان وەختێ پێغەمبەر لە رکاتی دووەم

---

[10] هەمان سەرچاوە.

[11] هەمان سەرچاوە.

گوتی (سمع الله لمن حمده) تۆزێک راوەستا.

٧) حدثنا حماد بن زيد عن أيوب عن محمد قال سُئل أنس أقَنتَ النبيﷺ في الصبح؟ قال نعم، فقيل أوقنتَ قبل الركوع؟ قال قنت بعد الركوع يسيرا. رواه البخاري[١٢].

(حماد کوڕی زيد) قسەی بۆ کردین کە لە (أيوب)ی بیستوە ئەویش لە (محمد)ی بیستوە کە گوتوویە لە ئەنەسیان پرسی ئایا پێغەمبەر قونووتی کردووە؟ فەرمووی بەڵێ. پێیان گوتووە لە پێش روکووع؟ فەرموویەتی لەدوای روکووع بە کەمێک.

٨) حدثنا أبو الوليد قال حدثنا شعبة عن ثابت قال كان أنس –ولأبي ذر كان أنس بن مالك–رضي الله عنه ينعت لنا صلاة النبيﷺ فكان يصلي فاذا رفع رأسه قام حتى نقول قد نسي– أي وجوب الهوى– أو أنه في صلاة أو ظنّ أنه وقت

[١٢] التاج ج١.

القنوت[13].

(ابو الوليد) قسەی بۆ کردین کە لە (شعبەی کوڕی ثابت)ی بیستوە گوتوویە، ئەنەس کوڕی مالیک -خودا لێی رازی بێ- باسی نوێژی پێغەمبەرﷺی بۆ کردین؛ دەڵێ وەختێک نوێژی دەکرد هەر کە سەری بەرز کردەوە راوەستا بە شێوەیەک دەمانگوت: یا لەبیری کردووە لەناو نوێژدایە یا گومانی لە داهاتنی وەختی قونووت هەیە.

٩) حدثنا نصر بن علي الجهضمي حدثنا سهل بن يوسف حدثنا حميد عن انس بن مالك قال سُئل عن القنوت في صلاة الصبح فقال كنا نقنت قبل الركوع وبعده. رواه إبن ماجه[14].

(نصر کوڕی علی الجهضمي) لە (سهل کوڕی یوسف)و ئەویش لە (حمید)ی بیستوە کە لە ئەنەس کوڕی مالیک دەگێڕنەوە کە دەربارەی قونووتی نوێژی بەیانیان پرسیاری لێ

---

[13] ریوایەتی البخاري.

[14] ارشاد الساري لشرح صحيح البخاري ج٢.

کراوە فەرموویە لەپێش روکووع و لەدوای روکووع قونووتمان دەکرد.

هەروەها (القسطلاني) لە راڤەی (البخاری) دەڵێ ئەمە راستە کە (أبو هریرة) لە سەردەمی ژیانی پێغەمبەرﷺو لەدوای وەفات کردنی پێغەمبەر قونووتی نوێژی بەیانیانی کردووە.

لە کاتێکیشدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە (أبو هریرة) خۆی ئەو راستی‌یەی دەربڕیوەو گوتوویە کە ئەو لە هەموو کەس زیاتر شارەزای نوێژکردنی پێغەمبەرەﷺ. جا ئەم کردارەی لە نوێژو ئەم گوتنەی؛ بەڵگەی مەشروعیەتی قونووتی نوێژی بەیانیانن.

١٠) وللبيهقي عن ابن عباس رضي الله تعالى عنهما كان رسول اللهﷺ يعلمنا دعاءً ندعو به في القنوت من صلاة الصبح.

(البیهقی) لە (ابن عباس)ی دەگێڕێتەوە (خودایان لێ رازی بێ) فەرموویە پێغەمبەرﷺ دوعایەکی فێر کردین لە

قونووتی نوێژی بەیانیاندا دوعای پێ بکەین.

ئەوانەی رابرد، ئەو فەرمووودانە بوون بوونەتە بەڵگەی ئەوانەی دان بە مەشروعیەتی قونووتدا دەهێنن لە نوێژی بەیانیاندا، جگە لەم فەرمووودانەش فەرموودەی دیکە هەن بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ مەشروعی‌یەتی قونووتی بەیانیانیان لێ دەفامرێتەوە بەڵام ئەوەندەی ئەوانە بەڵگەدار نین چونکە ئەو فەرمووودانەی سەرەوە بە ئاشکرایی مەشروعی‌یەتی قونووت دەسەلمێنن، بۆیە هەر ئەوەندەمان بە پێویست زانی ریزیان بکەین.

سەرباری ئەم بەڵگانە، دەڵێین ئەو زاتانەی گوتوویانە قونووت لە نوێژی بەیانیدا سوننەتە بخوێندرێ ئەوا زۆرن، لەوانە:

هەر چوار خەلیفەکانی راشیدین (**أبو بكر الصديق و عمر الفاروق و عثمان ذو النورين و علي المرتضى**) خودایان لێ رازی بێ، بێجگە لەو زاتانە زۆری دیکە لە یاوەرانی

پێغەمبەرﷺ هەر لەسەر ئەو بیرو رایەن، وەکو[15]:

(عمار کوڕی یاسر)و (أبي کوڕی کعب)و (أبو موسی الأشعري)و (عبدالرحمن کوڕی ابي بکر الصديق)و (عبدا لله ی کوڕی عباس) لە ریوایەتێکداو (أبو هريرة)و (البراء کوڕی عازب)و (أنس کوڕی مالك)و (ابو حليمة کوڕی معلا کوڕی الحارث الأنصاري)و (خفاف کوڕی ايماء کوڕی غفلة)و (ابو عثمان النهدي)و (ابو رافع الصائغ). لە تابيعەکانيش وەکو (سعيد کوڕی المسيب)و (الحسن کوڕی الحسن)و (محمد کوڕی سيرين)و (ابان کوڕی عثمان)و (قتادة)و (طاوس)و (عبيد کوڕی عمين)و (الربيع کوڕی خيثم)و (أيوب السختياني)و (عبيدة السلماني)و (عروة کوڕی الزبير)و (زياد کوڕی عثمان)و (عبدالرحمن کوڕی ابي ليلی)و (عمر کوڕی عبدالعزيز)و (حميد الطويل).

هەروەها لەنێو پێشەوایان و زانایانی شەرعدا گەلێکیان

---

[15] جامع الترمذي مع شرحه تحفة الأحوذي ج٢.

دانیان بە مەشروعی‌یەتی قونووتی بەیانیاندا هێناوە، لەوانە:
(ابو اسحاق)و (ابو بکر کوڕی محمد)و (الحکم کوڕی عتیبة)و (حماد)و (مالك کوڕی أنس)و جگە لەوانەش (الأوزاعي)و (الشافعي)و یاوەرەکانیو (الثوري) لە دوو ریوایەتاندا، هەروەها خەڵکی حیجازو زۆربەی خەڵکی شامیش.
بێجگە لەو هەموانەی ناومان بردن خەڵکی دیکەی زۆرتریش هەن لایەنگری بیروڕای ئەو تاقمەن؛ سەرچاوەی ئەمەش ئەوانەن ئەو فەرموودانەیان راڤە کردووەو مانایەکانیان لێك داوەتەوە بۆ نموونە وەك (تحفة الأحوذي)؛ بەرگی سێیەم.

بیروڕای دووەم

هەرچی خاوەنی ئەم بیرو ڕایەن، ئەوا قونـووت لـە نوێـژی بەیانیاندا بە سوننەت دانانێن؛ بۆ سەلماندنی ئەم بیرو ڕایەشـیان چەند فەرموودەیەک دەکەنە بەڵگە، وەکو ئەوانەی دێ:

١) عن أنس رضي الله عنه أن النبي ﷺ قَنَتَ شـهراً بعـد الركـوع يدعـو علـى أحيـاءٍ مـن العـرب ثـم تركـه. رواه البخـاري ومسلم[١٦].

لـە ئەنـەس دەگێڕنـەوە کـە پێغەمبـەر ﷺ یـەک مـانگ لـەدوای روکوعـدا قونووتـی کـردووەو دوعـای لـە هـەندێ هـۆزی عـەرەبان کردووە پاشان وازی هێنا.

٢) حديـث أبـي هريـرة رضي الله عنه أن النـبي ﷺ قنـت بعـد الركوع في صلاة الصبح شـهراً يدعـو لفـلان وفـلان ثـم تـرك

[١٦] المجموع ج٣.

الدعاء عليهم. رواه البخاري ومسلم[17].

(ابـو هريـرة) خـــوداى لـــىّ رازى بـــىّ دەفـــەرمویّ:

پێغەمبەرﷺ یەک مانگ لـە نوێـژی بـەیانیدا قونووتـی دەکـردو دوعای لە فیلان کـەس و فیلانـە کـەس دەکـرد، پاشـان وازی لـە دوعاکردن هێنا لێیان.

٣) حديـث سـعد بـن طـارقرضي الله عنه قلـت لأبـي، يـا أبـي صلّيت خلف رسول الله ﷺ وأبي بكر وعمـر وعثمـان وعلـي فكانوا يقنتون في الفجر فقال أي بنيّ فحدثٌ وفي رواية أي بنيّ محدث. رواه النسائي والترمذي، حديث حسن صحيح[18].

ئـەم فەرموودەيـە (سـعد كـوڕی طــارق) دەيگێڕێتـــەوە دەڵێ: گوتمە باوكی خۆم؛ بابە تۆ لە دوای پێغەمبەرﷺت نوێـژ كردووەو لەدوای ئیمـامی (أبوبكـرو عمـرو عثمـان و علـي)ت نوێژ كردووە، ئەوانە لە نوێژی بەیانیاندا قونووتیان دەكرد؟ گوتـی

---

[17] هەمان سەرچاوە.

[18] الترمذي ج١.

کوڕم ئەمە تازە داهاتووەو، واتا نەیان کردووە.

٤) حديث ابن مسعودﷺ قال ما قنت رسـول الله ﷺ في شيء من صلاته[١٩].

(ابـن مسـعود) خـودای لـێ رازی بـێ دەفـەرموێ پێغەمبەرﷺ لە هیچ نوێژێکی خۆیدا قونووتی نەکردووە.

٥) حديث أبي مخلّد قال صلّيت مع ابـن عمـر (رضـي الله تعالى عنهما) قال مـا قنـتَ رسـول الله ﷺ في الصبـح فلـم يقنتْ فقلتُ له ألا أراك تقنتُ فقال ما أحفظه -أي القنـوت- عن أحدٍ من اصحابنا[٢٠].

(ابی مخلد) دەفەرموێ نوێژی بەیانیم لەگەڵ (ابن عمـر) کـرد، خوایـان لـێ رازی بـێ، فـەرمووی پێغەمبـەرﷺ قونووتـی بەیانیانی نەکردووە، ئەویش قونووتی نەکرد، پێـم گـوت نـاتبینم قونووتی بکـەی؟ فـەرمووی نایەتـە بـیرم یـاوەرێک لـە یـاوەرانی

[١٩] االمجموع ج٣.

[٢٠] .هەمان سەرچاوە.

پێغەمبەر کردبێتی.

٦) حديث ابن عباس (رضي ا لله تعالى عنهما) قال: القنوتُ في الصبح بدعةٌ[٢١].

(إبن عباس) دەفەرموێ قونووت لە نوێژی بەیانیاندا بیدعەیەو تازە بابەتە.

٧) حديث أم سلمة: عن النبيﷺ أنّه نهى النبي عن القنوتِ في الصبح. رواه البيهقي[٢٢].

(أم سلمة) لە پێغەمبەر دەگێڕێتەوە کە نەیهێشتووە قونووت لە نوێژی بەیانیاندا بکرێت.

ئەمانە ئەو فەرموودانە بوون کە ئەوانەی مەشروعیەتی قونووتی بەیانیان ڕەت دەکەنەوە کردوویانەتە بەڵگەی راستیی بیروڕای خۆیان کە بە پێی بۆچوونی ئەوان ئەم فەرموودانە نیشانەن لەسەر ئەوەی قونووتی نوێژی بەیانیان سوننەت نەبێ. لە فەرموودەکەی (أنس)و فەرموودەی (أبو هريرة) وا دەگەیەنێ

---

[٢١] هەمان سەرچاوە.

[٢٢] هەمان سەرچاوە.

که قونووت به هەمیشەیی‌و بە بەردەوامی سوننەت نەبێ بەڵکو بۆ ماوەیەکی کاتی دیار بێ. فەرمووده‌کەی (سعد کوڕی طارق) ئاماژە بەوە دەکات کە قونووت تازە بابەتەو لەدوای خۆشەویستەوە ﷺ داهاتبێ. فەرمووده‌کەی (ابن مسعود)یش ئەوە نیشان دەدات کە پێغەمبەر ﷺ لە هیچ وەختێکی نوێژدا قونووتی نەکردووە، واتا بە پێی ئەم قسانەی (ابن مسعود) لە چ کاتێکی نوێژدا سوننەت نیەو بەیانیانیش هەروەها بە فەرموودەی (أبي مخلد)یش (ابن عمر) نەهاتۆتە بیری لەوەی یاوەرەکانی پێغەمبەر ﷺ دیبێ قونووتیان کردبێ کە بە پێی تێگەیینی ئەو مەشروع نەبووبێ. لە فەرموودەی (ابن عباس) وا پێ دەچێ کە ئەو بەوە تێگەییوە قونووت تازە بابەتەو شەرعی نەبووە.

به شێوەیەکی گشتی ئەوانەی نکوڵی لە مەشروع بوونی قونووتی نوێژی بەیانیان دەکەن ئەوا بە پێی زانین و رادەی بۆچوونیان لە مانای ئەو فەرموودانەی سەرەوە بۆ سەلماندنی ئەو بیرو بۆچوونەیان بەڵگەیان لێ دەخوازن و دەڵێن قونووت لە نوێژی بەیانیاندا مەشروع نیە.

جا ئەوانە فەرموودەکان بوون، هەرچی ئەو زاتانەی لەسەر ئەم رایە دان ئەوا ئەوانیش زۆرن بەڵام ژمارەیان ناگاتە ژمارەی ئەوانەی خاوەنی بیروڕای یەکەمن. جا لەوانەی دەستەی دووەم ناوی هەندێکیان دەهێنین وەکو:

(عبدا الله ی کوڕی مسعود)و هاوڕێیەکانی، (أبو هريرة) لەیەک ریوایەتدا، ئیمامی (أبو حنيفة)و یاوەرەکانی، (سفيان الثوري) لەیەک ریوایەتداو ئیمامی (أحمد کوڕی حنبل)و هەندێکی دیکە، کە بە کورتی هەر وەکو گوتمان ئەوانە دەڵێن بە پێی فەرموودەکان قونووت لە نوێژی بەیانیاندا مەشروع نیە.

سەبارەت بەم بۆچوونەی ئەم تاقمە: ئەوانەی خاوەنی بیروڕای یەکەمن واتا کە دەڵێن مەشروعە وەڵامی ئەوانەیان بەچەند شێوەیەک داوەتەوە وەکو ئەوەی لە وەڵامی هەردوو فەرموودەی یەکەم و دووەم کە فەرموودەی (أنس)و فەرموودەی (أبو هريرة)ن خودایان لێ رازی بێ کە بوونەتە بەڵگەیان بۆ دروست نەبوونی قونووتی بەیانیان: لەو قسەیەی دەڵێ ((ثم ترکه)) واتا وەکو دەڵێن، لە پاشدا وازی لێ هێنا ئەوا وەڵامیان

بەوە داوەتەوە کە پێغەمبەر وازی لە دوعا لێکردن و بە نەفرەت کردنی گاورەکان هێناوە نەوەکێ لە تێکڕای قونووتەکەو نابێتە مایەی مەشروع نەبوونی قونووت لە نوێژی بەیانیدا، یاخود وەکو دەڵێن ئەم واز لێ هێنانە بۆ نوێژەکانی دیکەی بێجگە لە نوێژی بەیانی بووە، فەرموودەی دی مەشروع بوونی قونووت دەگەیەنن، هەر فەرموودەکەی (أبو هريرة) ئاشکرا بێژی ئەم لە دوعا وازهێنانەیە کە دەفەرموێ ((ثم ترك الدعاء عليهم)) واتا پاشان وازی لە دوعا لێکردنیان هێنا.

گەرەکە ئەوە دیارو ئاشکرا بێ کە دەبێ ئەم لێکدانەوەیە پێویست بێ چونکە لێ لادانی لێ ناوەشێتەوە، لەبەر ئەوەی فەرموودەکەی (أنس) کە دەڵێ: ((لم يزل يقنت في الصبح حتى فارق الدنيا)) فەرموودەیەکی (صحيح)ەو مانایەکەی ئاشکرایەو، بەڕوونی مەشروعی‌یەتی قونووتی نوێژی بەیان ئاشکرا دەکاو چ تەم و مژێکی بەسەرەوە نیە.

پێوستە هەر فەرموودەیەکی لە مانایەکدا پێچەوانەی ئەم مانایە ئاشکرایەی ئەم فەرموودەیە بێ وا لێک بدرێتەوە

لەگەڵیدا گونجاو بێت چونکە ئەمە دیارەو، واجبیشە کە دوو فەرموودەی (صحیح) نابێ لە مانادا لەگەڵ یەکدی ناکۆک بن جا ئەگەر لە ڕووی دیاری دەرەوەدا مانایەکەیان هاوڕێک نەبوو ئەوا دەبێ لێکدانەوەیەکی ئەوتۆی بۆ بکرێ لەگەڵ ئاشکرا بێژی ئەم فەرموودەیەدا بسازێت.

فەرموودەکانی (أنس) خودای لێ رازی بێ هەموویان (صحیح)ن جا ئەگەر دژایەتی‌یەک لە نێوانیاندا روو بدا، ئەوا دەبێ بخرێنەوە پاڵ یەک و بە شێوەیەکی راست و دروست کۆ بکرێنەوە جا بەم کردارە پیرۆزە چ چەشنە دژایەتی‌یەک نایەتە ئاراوە. لە موسڵمانی خاوەن بیرو بڕوای پتەو ئومێدەوارین، وەختی لە مانا نۆڕیندا پشت بەم لێکدانەوەیە ببەستی‌و خۆ بە هیچ جۆرە لاڕێیەکدا نەتارێنێ تا تووشی راڕایی‌و دوو دڵی نەبێت.

هەر ئەم فەرموودەیەی سەرەوە، فەرموودەیەکی دیکە داکۆکی لە مانایەکەی دەکات ئەویش ئەو فەرموودەیە کە (البیهقي) ریوایەتی دەکات لە (عبدالرحمن کوڕی مهدي الإمام)

دەیگێڕێتەوە کە فەرموویە (انما ترك اللعن .... الخ) بە ئاشکرا ئەوە دیار دەکات کە پێغەمبەر هەر بە نەفرەت کردنەکەی واز هێناوە. وەڵامی فەرموودەی سێیەم کە فەرموودەکەی (سعد کوڕی طارق)ە، ئەوەیە کە ئەوانەی ئەو فەرموودانەیان ریوایەت کردووە کە قونووتی نوێژی بەیانیان دەسەلمێنن ئەوا زاناترن و بە ژمارەش زۆرترن، پێویستە قسەی ئەوان پێشتر بخرێ کە دیاریشە راستی لەلای ئەوانەیە زۆرترن و زیاتریش ئاگاداری فەرموودەو کرداری پێغەمبەر بوونە بە تایبەتی ئەوانەی زۆرترینی وەخت هاودەم و ئاوەڵی پێغەمبەرﷺ بوونەو هاوڕێیەتییان لەگەڵدا بەردەوامتر بووە.

وەڵامی فەرموودەی چوارەم واتا فەرموودەکەی (ابن مسعود) ئەوەیە کە ئەم فەرموودەیە لە جۆری (ضعیف)ەو بێ هێزە، ئەویش لەسەر ئەو قسەیەی دەڵێن ریوایەتی (محمد کوڕی جابر السحمي)یەو ریوایەتی ئەو بێ هێزەو کاری پێ ناکرێ، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەم فەرموودەیە نەفی دەکات واتا دەڵێ نەبووە، هەر وەکو دیارە فەرموودەی (أنس)یش دەیسەلمێنیو

دەڵـێ هـەبووە، ئەمـەش لەلایـەن زانایـانی زانسـتی بنەچـەکانی شەرع دیارە کە (إثبات) لەپێش (نفي) دایە چونکە ئەو هـێزەی لە (إثبات)دا هەیە لــە (نفـي)دا نیـە هـەر وەک بـە مـەزەندەی عـەقڵیش هەر دەبێ (إثبات) لەپێشتر بێ.

وەڵامی فەرموودەی پێنجەم، فەرموودەکەی (ابن عمـر)ە کە دەڵێ ((انه لم يحفظ....)) واتا نەهاتۆتە بیری، یـان لـەبیری کردووە، لە کاتێکدا (انس)و (البراء کوڕی عازب)و هی دیکەی جگە لەوان لەبەریان بووە، پێویستیشە کێ لەبـەری بـێو لـەبیری بێ بڕیاری ئەو بەپێش ئەو کەسە بخرێ کە لەبەری نیـەو لـەبیری نیە. هەروەک ئەو پەندەی دەڵـێ ((قُدِّم من حُفِظ على مَنْ لم يحفظ)) واتا کێ لەبەری کردبـێ بـەپێش ئـەو کەسـە دەخرێ کـە لەبەری نەکردبێ.

وەڵامی فەرموودەی شەشەم، فەرموودەی (ابـن عبـاس)ە فەرموودەیـەکی بـێ هـێزە، لـە (ابـي ليلـى الكـوفي) ریوایـــەتی کردووە، ریوایەتی (أبي ليلـى)ش ئـەوەندە گوێـی پـێ نـادرێتیو کاری پێ ناکرێ سەرەڕای ئەوەی هەر لــە (ابـن عبـاس) خۆیـەوە

ریوایەتێکمان ناو برد کە فەرموویە (قنت رسول اللهﷺ في الصبح) لە پێشتریش گوتمان سەلمێنراو بە پێش نەفی دەکەوێ جا چ ریوایەتی خۆی بێ یا هی دیکە بێ.

وەلامی فەرموودەی حەفتەم فەرموودەی (أم سلمة)یە لەسەر قسەی هەندێ کەس (ضعیف)ە لەبەر ئەوەی دەلێن لە ریوایەتی (محمد کوڕی یعلی)یەو لە (عتبة کوڕی عبدالرحمن کوڕی عبدالله نافع)ە کە ئەویش لە باوکی خۆی ریوایەتی کردووە، باوکیشی لە (أم سلمة)ی ریوایەت کردووە (الدارقطني) دەلێ ریوایەتی ئەم سێ کەسە بێ هێزەو پێ ناچێ ئەوە راست بێ کە نافع گوێی لە (أم سلمة) بووبێ. -هەر خوداس چاکتر دەزانێ چۆنە-.

ئەمە پوختەی قسەی هۆزانی پایە بەرز شێخی (نووي) بوو کە لە راڤە کردنی (المهذب)دا نووسیویەتیو پوختەی بۆچوونی راڤەکاری فەرموودەکانی نێو (عون المعبود)و راڤەی (سُنن أبي داود)و (تحفة الأحوذی) لە راڤەی (الترمذي)و (القسطلاني) لە راڤەی (البخاري) دان.

ئێمـــەش بـــە پێـی هـــەڵێنجانی قســـەو لێکۆڵینـــەوەی لێتۆژەرەکان و بەپێی هەندێ ڕێسای باوی نێو زانستی شەرع ئەوا دەڵێین ئـــەوەی بـیروڕای یەکـەم (واتـا دروسـت بوونـی قونووتـی بەیانیان) لاسەنگ و راسـتتر دەکـات هـەندێ بۆچوونـی دیکەیـە بێجگە لەوانەی باس کرا، وەکـو ئـەوەی دەڵێـین لـەنێو ئەوانـەی لەسەر ئەو بیروڕایەن چوار خەلیفـەکانی راشـیدین (خودایـان لـێ رازی بـێ) کـە ئـەو زاتانـەش زیـاتر جـێو پایـەیان لــە لایـــەن پێغەمبــەرﷺ دیـارتر بـووە، هـــەروەک لـــە فەرموودەیـــەکی (صحیـح)دا هـاتووە کـە دەفـەرموێ ((فعليكـم بسـنتي وسـنة الخلفاء الراشدين المهديين)) واتا پێویستە لەسـەرتان دەسـت بـە سـوننەتی مـن و سـوننەتی خەلیفــە راشـیدیيە هیدایـەت پـێ دراوەکانەوە بگـرن. ئـەم فەرموودەیـەش (أبـو داودو الـترمذي) ریوایەتیان کردووە، (الترمذي) دەڵێ ئەم فەرموودەیە لە جـۆری (حسـن)ە، لـە دانەیـەکی دیکـەدا دەڵـێ (حسـن صحيـح). سەرەڕای ریوایەتی ئەم دووانە ئیمام (أحمد)و (ابن ماجه)و (أبـو نعيم)یش ریوایەتیان کردووە، (ابو نعيم) دەڵـێ فەرموودەیـەکی

چاکە. جا بێجگە لـەم فەرموودەیـەش پێغەمبـەری مـەزنﷺ لـە فەرموودەیـەکی دیکـەی (صحیـح)دا کـە (حذیفـة) ریوایـــەتی کردووە دەفەرموێ ((اقتدوا باللذین بعدي، فأشار الیهما أي الی أبي بکرالصدیـق وعمـر الفـاروق)) واتـا پـەیڕەوگری ئــەم دوو کەسە بن کـە لـەدوای منـەوە دێـن، ئاماژەشـی بـۆ هـەردووکیان دەکرد واتا بۆ حەزرەتی (أبوبکر)و حەزرەتی (عمر).

جا گەرەکە مرۆڤی موسڵمان زەینی خۆی بداتـە ئـەم دوو دەقە پیرۆزە بزانێ خواستی چی دەکەن و چییان لێ دەفامرێتەوە؟ دەڵێـین ئـەوەیان لـێ دەرەنجـام دەکرێ کــە گوێڕایــەڵ بوونــی فەرمانی پێغەمبەر پێویســتە. لـێرەدا مەبەسـت ئەوەیـە کـار بـە کـردارو رەفتـاری ئـەوان بکرێـت و پـەیڕەو بکرێـن جــا ئەمەیــە نیشانەی لاسـەنگ بوونـی رای ئەوانـەی دان بـە مـەشـروع بوونـی قونووتـدا دەنێـن، زیـاد لەمـەش رای زۆربـەی یـاوەرانی دیکــەی پێغەمبـەرﷺی لەگەڵدایـە کـە ئـەوان قونووتیــان دەکـردو لــە قونووتدا دوعـای پێغەمبەرﷺیــان دەخوێنـد یـان ئـەو دوعایـەی

ئیمامی (عمر)یان دەخوێنند. لەنێو ئەو یاوەرانەشدا وەکو[23] (عمار کوڕی یاسر)و (أبيّ کوڕی کعب)و (أبو موسی الأشعري)و (عبدالرحمن کوڕی ابوبکر)و (عبدا لله ی کوڕی عباس) له ریوایەتێکداو (أبو هريرة) لەوەی خۆی لە بەیانیاندا قونووتی کردووەو (البراء کوڕی عازب)و (أنس کوڕی مالك)و (أبو حليمة معاذ کوڕی الحارث الأنصاري)و (حفاف کوڕی ايماء کوڕی رخصة)و (اهبان کوڕی صيفي)و (سهل کوڕی سعدالساعدي البدري)و (عرفجة کوڕی شريح الأشجعي البدري)و (معاوية کوڕی ابي سفيان)و (عائشة الصديقة).

هەروەها لەنێو (المخضرمين)یشدا (أبو رجاء العطاردي)و (سويد کوڕی غفلة)و (ابو عثمان الشهدي)و (ابو رافع الصائغ البدري). لەنێو تابیعانیشدا واتا ئەوانەی دوای سەردەمی پێغەمبەرﷺ زۆرن؛ ئەوانەی دەڵێن قونووتی بەیانیان مەشروعە؛ لەوانە (سعيد کوڕی المسيب)و (الحسن کوڕی عثمان)و

[23] جامع الترمذي مع شرحه تحفة الأحوذي ج١.

(قتادة)و (طاوس)و (عبيد كوڕی عمين)و (الربيع كوڕی خيثم)و (أيوب الزبير)و (زياد كوڕی عثمان)و (عبدالرحمن كوڕی ابي ليلی)و (عمر كوڕی عبدالعزيز)و (حميد الطويل).
دیسان سەرەڕای ئەوانە زۆربەی زانایانی شەرعیش هەر لەسەر ئەو ڕایەن کە قونووتی نوێژی بەیانیان دروستە، لەوانە ئیمامی شافیعیو هاوڕێیەکانی، (ابو اسحاق)و (ابوبكر كوڕی محمد)و (الحكم كوڕی عتيبه)و (حماد)و (مالك كوڕی انس)و (الاوزاعي)و (الثوري) لە دوو ریوایەتاندا هەروەها خەڵکی حیجازو زۆربەی خەڵکی شام و زۆری دیکەش. جا کۆمەڵێکی لەو تەرزە، ئەوا خاوەنی شارەزایی تەواو و زانستی زۆرن سەبارەت بە حوکمەکانی ئاینی ئیسلام و پێداویستەکانی نوێژو تاعەت. هەمووشیان لە پێغەمبەری خواوە ﷺ وەرگرتوەو لەبۆ جێماوە. جا وەختێ هێزی بەڵگەی ئەوانەمان دەرخست کە هێزی بەڵگەیان بە ئاشکراییەکی فرە ئاشکرا دیارە کە دان بە مەشروعیەتی قونووتی بەیانیان دەهێنن؛ ئەوە سەلمێندرا لەگەڵ ئەوەی زێدە زاناو ناودارن، متمانەیان پێ دەکرێت وبڕوایان

لەسەر ئەوا:

ئێمەش بیروڕای ئەوانە هەڵدەبژێرین، قونووتی بەیانیان بە سوننەت دەزانین و داکۆکی لەسەر ئەو حاڵەتە دەکەین کە ئێستا لەدوای روکووعی رکاتی دووەمی نوێژی بەیانیاندا دوعای قونووت دەخوێنین، کە ئەگەر نوێژکەرێک نەیکرد سەجدەی سەهوی لە بریتیدا بۆ دەبات -هەر خوداش چاکتر دەزانێ چۆنە.

بە واجیبی سەر شانیشی دەزانم لەدوای ئەم هەڵبژاردنە هەستی خۆم دەربرِم بەرامبەر بە رێزو حورمەتی زۆرم بۆ ئەو زاتانەی خاوەنی بیروڕای دووەمن و لە خودام داوایە پاداشتی هەوڵی ئەوان و هەڵی چاکەی هەموو لایەک بداتەوە کە هەردوو لا خاوەنی بیرو بڕوای بێ گەردی تایبەتین بۆ خودا، خاوەنی بیرو بڕوایەکن خالی لە هەموو هەست و نەستی دیکەی بێجگە لە دین پەروەریی، خودا رێزو پایەیان زێتر بکات و پاداشتیان پتر بداتەوە، خودا لەبەر خاتری ئەوان لە ئێمەو دایک و باو کێ و مامۆستای ئێمە خۆش بێو لە رۆژی حەشردا لەگەڵ ئەواندا کۆمان بکاتەوە.

دوعای قونووت

قونووت بەهەر وشەیەکی دوعا بێت یا بەهەر وشەیە مەتحی زاتی خودای تیا بێ دروستە بەڵام چاکتر وایە مأثور بێ وەکو ئەوەی پێغەمبەری خۆشەویست قونووتی پێ کردووە کە لە خوارەوە دەینووسین کە سوننەتە لە کۆتاییدا سەڵاواتی سەر پێغەمبەریشی تیا بێ. دوعایەکەش ئەمەیە:

((اللهم اهدني فيمنْ هديت، وعافني فيمَنْ عافيت، وتولّني فيمنْ توليت، وبارك لي فيما أعطيت وقني شرّ ما قضيت فإنّك تقضي ولا يُقضى عليك، وإنّه لا يذلّ من واليت ولا يعزّ ما عاديت، تباركت ربنا وتعاليت[24]، فلك الحمد على ما قضيت، استغفرك وأتوب اليك)) وصلى ا الله على سيدنا محمد النبي الأمّيّ وعلى آله وصحبه وسلّم.

---

[24] التاج ج١.

به زیادەکەیەو اعانة ج١.

بێ گومان ئەگەر پێشنوێژ بیخوێنێ لە جیاتی راناوی کەسی یەکەمی تاک؛ راناوی کەسی یەکەمی کۆ بەکار دەهێنێ.

هەروەها سوننەتە ئەم دوعایەی خوارەوەی ئیمامی عومەر خوای لێ رازی بێ بخوێندرێ کە (البیهقی) ریوایەتی کردووە ئەمەش دوعاکەیە[٢٥]:

((اللهم إنا نستعينك ونستغفرك ونؤمن بك ونتوكل عليك ونثني عليك الخير كله، نشكرك ولا نكفرك ونخلع ونترك من يفجرك. اللهم إياك نعبد ولك نصلي ونسجد واليك نسعى ونحفد، نرجو رحمتك ونخشى عذابك إنّ عذابك الجِد بالكفار ملحِقٌ)) ئینجا سەلاوات لە پێغەمبەر بدرێ.

جا ئەم دوعایە ئەگەر یەکێکیان بخوێندرێ ئەوا یەکەم خوێندنی چاکترە. بەلام ئەگەر نوێژکەر بەتەنیا بوو، یا پێش نوێژی چەند نوێژکەرێکی دیار بوو ئەوا خوێندنی هەردوو دوعا بەیەکەوە چاکترەو، ان شاءا لله پاداشتێکی زۆری هەیە.

---

[٢٥] اعانة ج١.

قونووتی کارەساتان و قونووتی نوێژی (وتر)

سەرەڕای ئەوەی لە پێشەکی ئەم نامیلکەیەدا ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە دەڵێین لەبەر ئەوەی بابەتەکەی ئێمە سەبارەت بە قونووتە، قونووتیش بێجگە لە نوێژی بەیانیان لە وەختی دیکەش دەخوێندرێ وەکو ئەوەی ئەگەر کارەساتێک دابەزێتە سەر کۆمەڵگایەک لە نوێژەکاندا قونووت دەکرێت و بێجگە لەمەش لە نوێژی (وتر)دا. جا ئێمە بەکورتی باسی هەر یەکەم دوانە دەکەین.

قونووتی وەختی کارەسات

(قنوت النازلة)

مەبەست لە قونووتی کارەساتاندا ئەوەیە وەختێ، خودا کارەساتێک بۆ سەر کۆمەڵێک لە کۆمەڵگای موسڵمانان (نازل) بکات ئەوا لە نوێژدا قونووت کردن مەشروعەو دوعاو پاڕانەوە لەبەر خودا دەکرێ تا ئەو کارەساتە هەڵبگرێت و بارگرانیان لەسەر لا ببات یا لە قونووتدا دوعا لە چینێکی تاوانبار دەکرێت.

جا سەبارەت بەم تەرزە قونووتە ئەوا دیسان زانایان بوونەتە دوو بیرو ڕاو دوو تاقم؛ تاقمێکیان کە کەمەکەیانن لەسەر ئەو باوەڕەن کە چ کارەساتێک قونووتی بۆ ناخوێندرێ بە بەڵگەی ئەوەی پێغەمبەرﷺ هەندێ بەسەرهاتی زەحمەت و لەبەر دڵ گرانی بەسەردا هاتووە، شتێکی ئەوتۆی لێ نەبیستراوە ببێتە نیشانەی ئەوەی لە نوێژدا قونووتی بۆ خوێندبن، لەوانە

وەکو ئەو گەمارۆدانەی لەشەری (خەندەق)دا لەسەر موسڵمانان کراو هەی دیکەش. بەڵام هەندێ زانای دیکە -کە ئەوانە زۆرن- لەسەر ئەو باوەڕەن پێغەمبەرﷺ قونووتی بۆ کارەساتان خوێندوە وەڵامی ئەوانەش کە دەڵێن پێغەمبەرﷺ قونووتی نەخوێندووە؛ بەوە دەدەنەوە کە پێغەمبەرﷺ لەو هەندانە نەیخوێندووە بەڵام لە هەندێکی دیکەدا واتا لە هەندێ کارەساتی دیکەی خوێندو، بەڵگەشیان بۆ ئەمە لەنێو فەرموودەکانی پێغەمبەردا زۆرە، ئێمە ئەم بەڵگانەی خوارەوە ناوزەد دەکەین:

- ((عن أبي هريرةﷺ قال قَنتَ رسول اللهﷺ في صلاة العتمة شهراً يقول في قنوته: اللهم نَجِّ الوليد بن الوليد اللهم نجِّ سلمة بن هشام اللهم نجِّ المستضعفين من المؤمنين اللهم اشددْ وطأتك على مُضَر اللهم اجعلها عليهم سنين كسني يوسف. قال أبو هريرة واصبح رسول اللهﷺ ذات يومٍ فلم يدع لهم، وذكرت ذلك لهم وقال وما تراهم قد

قدِموا))[26].

(أبو هريرة) خوداى لىٚ رازى بىٚ دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەرﷺ يەكَ مانگَ لە نوێژى عيشاياندا قونووتى دەكردو .ئەم دوعايەى دەگوت: خودايە (الوليد كوڕى الوليد) ڕزگار بكە، خودايە (سلمه كوڕى هشام) ڕزگار بكە خودايە چەوساوە بڕوادارەكان ڕزگار بكە، خودايە عەزابى خۆت بخەرە سەر (مُضَر) خودايە گرانى وەكو گرانى زەمانى (يوسف)يان بەسەردا بهێنە. (أبو هريرة) دەفەرموێ بەيانيەكيان پێغەمبەرﷺ دوعاى بۆ نەكردن منيش پێم گوت فەرمووى نابينى هاتنەوە.

هەر لەم بارەيەوە فەرموودەى ديش هەيە وەكو ئەم دوو فەرموودەيە:

– وفي رواية لأنس قنت رسول اللهﷺ بعد الركوع شهراً يدعو على قاتلي القراء[27].

---

[26] سنن أبي داود ج١.

[27] ارشاد الساري لشرح صحيح البخاري ج٢.

واتا (أنس) ریوایەت دەکا دەڵـێ پێغەمبـەری خـوداﷺ مانگێک لەدوای روکوعد قونووتی دەکردو دوعـای لـە بکوژانـی قورئان خوێنەکان دەکرد.

ئەوانـە ئـەو حـەفتا قورئـان خوێنـە بـوون پێغەمبـەر ناردبوونیە نێو چەند هۆزێکی خودا نەناس تا بانگهێشتی پەسەند کردنـی پـەیامی ئیسـلامەتیان بکـەن و قورئانیـان بـۆ بخوێنـن، هۆزەکانیش (رعل)و (ذکوان)و (عصیـه) بـوون، لەسـەر بـیری (معونة) دەستیان لـێ وەشـاندبوون و شـەهیدیان کردبـوون تـەنیا (کعب کوڕی زید الأنصاري)یان لێ دەرباز بووبوو.

- عن ابن عباس قال قنتَ رسول اللهﷺ شهراً متتابعـاً في الظهر والعصر والمغرب والعشاء والصبح في دبُرِ كل صـلاةٍ اذا قال سمع الله لمن حمده في الركعة الآخرة يدعـو علـى أحيـاء من بني سليم على رعل و ذكوان و عصيه ويؤمـن مـن خلفـه. رواه أبو داود[٢٨].

[٢٨] جامع الترمذي مع شرحه تحفة الأحوذي ج١.

واتـا ابـن عبـاس دەگێڕێتـەوە کـە پێغەمبـەری خـودا ﷺ مانگێکێ لـەدوای یـەکێ لـە نوێـژی نیـوەڕۆو عەسـرو مـەغریب و عیشاو نوێژی بەیانی لەدوای هەموو نوێژێکێ هەر کە لـە رکـاتی دوایی گوتی سمع الله لمن حمده ئـەوا دوعـای لـە هـەندێ هـۆزی (بني سليم)دەکرد لە (رعل)و (ذکوان)و (عصیه)، نوێژکـەریش لەدوای ئەودا دەیانگوت آمین.

جا ئەمانە بەڵگەی بوونی قونووتن و بەڵگەی ئـەوەن کـە دوعا کردن لە گاورو تاوانباران نوێژی پێ نابڕێ.

لەوانەی دەڵێن قونووتی کارەسـاتان مەشروعـە؛ ئیمـامی (شافعي)و (أحمد کوڕی حنبل)و هی دیکەش.

سەبارەت بە مەسەلەی دروست بوونـی قونووتیـش لـە چ وەختێکـی نـاو نوێـژدا ئـەوا ئـەویش جیـاوازی لەسـەرە، هـەندێ دەڵێـن لـەپێش روکووعـە، بـۆ ئـەوەی وەخـت زیـاتر بـە بـەرەوە بمێنێو نوێژکەری دیکە بە رکاتەکە ڕا بگەن بەڵام هـەندێکی دی دەڵێن دوای روکووعە وەختی گوتنی سمع الله لمن حمده بەڵگـەی بیروڕای یەکەم چەند فەرموودەیەکە لەوانە ئەم فەرموودەیە:

- حدثنا مسعود قال حدثنا عبدالواحد قال حدثنا عاصم قال سألت أنس بن مالكﷺ عن القنوت فقال قد كان القنوت -أي مشروعاً- فقلت قبل الركوع أو بعده قال قبله، قلت إنّ فلاناً أخبرني عنك أنّك قلت بعد الركوع فقال كذب انما قَنتَ رسول اللهﷺ بعد الركوع شهراً[29].

(عاصم) خودای لیّ رازی بیّ گوتوویه: له (أنس کوڕی مالك)م سەبارەت بە قونووت پرسی فەرمووی قونووت مەشروعە, گوتم لەپێش روکووع یا لەدوای روکووع فەرمووی لەپێش روکووع، گوتم فیلانە کەس لە تۆوەی بۆ گێڕامەوە کە گوتووتە دوای روکووعە فەرمووی درۆیە، پێغەمبەری خوداﷺ یەك مانگ لەدوای روکووعدا قونووتی کردووە.

بەلاّم بەڵگەی ئەوانەی دەڵێن دوای روکووعە زۆرترە لە بەڵگەی ئەوانەی دەڵێن پێش روکووعە، لەوانە ئەم دوو فەرموودەیە هەڵدەبژێرین:

---

[29] ارشاد الساري لشرح صحيح البخاري ج٢.

- من رواية لأنس ﷺ: قنتَ رسول الله ﷺ بعد الركوع شهراً يدعو على قاتلي القراء[30].

له (أنس) دەگێڕنەوە فەرموویە پێغەمبەر یەک مانگ لەدوای روکووع قونووتی کردوەو دوعای لە بکوژانی قورئان خوێنەکان کردووە.

- وفي رواية عن ابن عباس ﷺ قنت النبي ﷺ شهراً متتابعاً في الصلوات كلها في اعتدالِ الركعة الأخيرة يدعو على احياءِ العرب ويؤمن خلفه[31].

واتا (ابن عباس) خودایان لێ رازی بێ ریوایەت دەکاو دەفەرموێ پێغەمبەر مانگێک لەدوای یەک لە هەمووی نوێژاندا لە هەڵستانەوەی روکووعی رکاتی دوایی قونووتی دەکردو دوعای لە هەندێ هۆزی عەرەب دەکرد، نوێژکەرەکانیش دەیانگوت آمین.

---

[30] التاج ج١.

[31] ریوایەتی أبو داود.

ئەوانەی دەڵێن پێش روکووع دەکرێ ئیمامی (أبو حنيفة)و (سفيان الثوري)و هەندێکی دیکەن، بەڵام ئەوانەی دەڵێن دوای روکووع دەکرێ ئەوا ئیمامی (شافعي)و ئیمامی (أحمد)و هەندێ یاوەرو تابیعی دیکەن.

هەر لەم بابەتەوە مەسەلەیەکی دیکەش هەیە ئەویش ئەوەیە ئایا لە هەموو نوێژەکاندا دەکرێ یا لە چەند نوێژێکدا؟ ئەویش جیاوازی لەنێو زانایانی لەمەڕدا هەیە، هەیانە دەڵێن لە چەند نوێژێک دایە، هەشیانە دەڵێن لە هەمو نوێژەکاندا دەکرێت، بەڵگەش ئەم فەرموودانەی خوارەوەن:

– عن أبي هريرةﷺ أن رسول اللهﷺ كان يقول في صلاة الفجر بعدَ ربَّنا لك الحمد في الركعة الآخرة اللهم أنج الوليد بن الوليد وسلمة بن هشام وعياش بن ابي ربيعة والمستضعفين من المؤمنين اللهم اشدُدْ وطأتك على مضر واجعلها عليهم كسني يوسف اللهم العنْ لحيان ورعلا وذكوان وعصيه عصتِ الله ورسوله. ثم ترك ذلك حين نزل ﴿وليس

لك من الأمر شيء﴾ رواه الثلاثة[32].

واتا (أبو هريرة) خوداى لىَ رازى بىَ دەيگێڕێتەوە دەڵێ پێغەمبەرﷺ لەدواى نوێژى بەيانيدا دوعاى دەكردو دەيگوت خودايە (الوليد كوڕى الوليد)و (سلمة كوڕى هشام)و (عياش كوڕى ابي ربيعة)و چەوساوە بڕوادارەكان ڕزگار بكە. خودايە گرانى عەزابى خۆت بخەرە سەر (مضر)و لێيان بكە گرانى (يوسف)، خودايە نەفرەت لە (لحيان)و (رعل)و (ذكوان)و (عصيه) بكە لە خوداو پێغەمبەرى خودا ياخى بووينە. (أبو هريرة) دەڵێ پاشان كە ئايەتى ﴿وليس لك من الأمر شيء﴾ هاتە خوارەوە وازى لىَ هێنا.

– عن أبي هريرة انه قال: قنت رسول الله ﷺ في صلاة العتمة شهراً يقول في صنوته ((اللهم انج الوليد بن الوليد..... الخ))[33].

[32] التاج ج١.

[33] سنن أبي داود ج١.

(أبو هريرة) دەڵێ پێغەمبەرﷺ مانگێک لە نوێژی عیشادا قونووتی دەکرد ئەم دوعایەی دەکرد کە لەپێشتر نووسیمان.

– حدثنا داود بن أمية حدثنا معاذ يعني ابن هشام حدثني أبي عن يحيى بن ابن كثير حدثني ابو سلمة ابن عبدالرحمن حدثنا أبو هريرة قال وا لله لأُقرِّبَنَّ بكم صلاة رسول ا للهﷺ قال فكان أبو هريرة يقنت في الركعة الآخرة في صلاة الظهر وصلاة العشاء الآخرة وصلاة الصبح ويدعو للمؤمنين ويلعن الكفار[٣٤].

لە (أبو هريرة) دەگێڕنەوە فەرموویە لە هەمووتان زیاتر لە نوێژی پێغەمبەرەوە نزیکم. دەگێڕنەوە (أبو هريرة) لە رکاتی دوایی نوێژی نیوەڕۆو عیشاو نوێژی بەیانی قونووتی دەکردو دوعای بۆ ئیمانداران دەکردو نەفرەتی لە کافران دەکرد.

– حدثنا عبدا لله بن معاوية حدثنا ثابت بن زيد عن

---

[٣٤] صحيح مسلم ج٤.

هلال بن خباب عن عكرمة عن ابن عباس قال قنت رسول الله ﷺ شهراً متتابعاً في الظهر والعصر والمغرب والعشاء وصلاة الصبح في دبر كل صلاة[35].

واتا له پێغەمبەرﷺ دەگێڕنەوە یەک مانگ لەدوای یەک لەدوا دوایی هەموو نوێژێکی نیوەڕۆو عەسرو مەغریب و عیشاو بەیانی قونووتی کردووە.

- في رواية أخرى عن ابن عباس (رضي الله عنهما): قنت النبيﷺ شهراً متتابعاً في الصلوات كلها في اعتدال الركعة الأخيرة يدعو على أحياء من العرب ويؤمن خلفه[36].

واته (ابن عباس) خودایان لێ رازی بێ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەرﷺ مانگێک لەدوای یەک لە هەڵستانەوەی رکاتی دوایی هەموو نوێژەکان قونووتی کردووەو دوعای لە هەندێ هۆزی عەرەبان کردووە لە دوایدا دەگوترا آمین. کە ئەم

---

[35] سنن أبي داود مع حاشية عون المعبود ج١.

[36] ریوایەتی أبو داود.

فەرموودەیەش بۆ بەڵگەی دوای روکووع پێشتر باسمان کرد.

پوختەی قسـه: وا دەردەکـەوێ کـە قونـووت خوێنـدن لـە وەختی کارەساتاندا مەشروعەو لە هەموو نوێژێکیشدا دەکرێت و لەدوای روکووعیشدایە.

قونووت له نوێژی (وتر)دا

بەر لەوەی باسی قونووتی نێو نوێژی (وتر) بکەین پێویستە کەمێک لەسەر (وتر) خۆی بدوێین:

وشەی (وتر) واتا تاک، مەبەستیش لێرە لەو نوێژەیە ژمارەی رکاتەکانی تاک بێ وەکو بلێین یەک، سێ، پێنج.... تاد.

لە چۆنیەتی نوێژی (وتر) جیاوازی نێو زانایانی لەسەردا هەیە. ئیمامی (شافعی)و (مالک)و (احمد کوڕی حنبل) دەڵێن سوننەتە

واجیبە، بێ گومان لەلای حەنەفیەکانیش واجیب لە خوار فەرزەوەیە.

جیاوازی پێشەوایانی شەرع لەمەڕ نوێژی (وتر) بەم جۆرەیە:

- ئیمامی (حنفی) دەڵێ سێ رکاتە، بەیەک سەلام دانەوە واتا هەرسێ رکات پێکەوە بکرێت. وەختەکەشی لەدوای ئاوابوونی شەفەقە تا ئەو وەختەی بەیانی هەڵدێت.

- ئیمامی (احمد) دەفـەرموێ کەمەکـەی نوێـژی (وتـر) یـەکێ رکاتـەو زۆرەکـەی یـازدە رکاتـە. ئەگـــەر نوێژکـــەر یـــازدە رکاتەکەی کرد باشتر وایە دوو رکـات دوو رکـات بیکـات ئـەوەی دوایی تاق بێ. بۆ وەختەکەشی بە بیروڕای ئیمام (احمـد) باشـتر وایە لەدوا دوایـی شـەودا بکرێـت، دروسـتە بـەر لـە خەوتنـەوەی بکرێت.

- ئیمـام (مـالکێ) دەفـەرموێ یـەکێ رکاتـە، دوو کـــاتی هەیە.

- ئیمام (شافعی) دەفـــەرموێ لای کـەمی نوێـژی (وتـر) یەکێ رکاتەو، زۆرەکەی یـــازدە رکاتـە. کاتەکـەی لـەدوای نوێـژی عیشاوەیە تا بەیانی داهاتنە. باشتر وایە درەنگــی شـەو بـێ، لـە مانگی رەمەزانیشدا جەماعـەتی تێدا سوننەتە.

قونووت له (وتر)دا

دەربارەی خوێندنی قونووت لە نوێژی (وتر)دا دیسان دوو ڕای جیاواز هەیە؛ بیروا ڕایەکیان لەسەر ئەوەیە کە قونووت لە نوێژی (وتر)دا لە هەموو وەختێکی ساڵدا دەکرێت و لەپێش روکووعدایە.

بیرو ڕایەکی دیکەش هەیە دەڵێ قونووت تەنها لەنیوەی دووەمی مانگی ڕەمەزاندا دەکرێت و لەدوای روکووعە.

ئەوانەی لایەنگری بیروڕای یەکەمن ئەوا (سفیان الثوری)و (ابن المبارك)و (اسحاق)و ئیمامی (ابو حنیفە)و خەڵکی کوفەن بۆ دروستی ڕایەکەشیان بەڵگە لەم فەرموودەیە دەخوازن کە لە (ابی کوڕی کعب) دەگێڕنەوە فەرموویە پێغەمبەرﷺ نوێژی (وتر)ی دەکردو لەپێش روکووعدا قونووتی دەخوێند.

ئیمامی (علی)و ئیمامی (شافعی)و ئیمام (احمد)و

خەلیفەکانی دیکەی راشیدین و (ابن عمر)و بێجگە لەوانیش دەڵێن قونووتی لە (وتر)دا نیە تەنیا لە نیوەی دووەمی مانگی رەمەزاندا نەبێ، واتا لە شەوی شازدەمینەوەڕا قونوت لە (وتر)دا لەدوای روکووعەو دەستی تێدا بەرز دەکرێتەوە وە چونکە پێغەمبەری خۆشەویستﷺ وای کردووە.

پوختەی ئەمەش لەوەدایە کە ئەو بیروڕایەی دەڵێ قونووت لە نوێژی (وتر)دا تەنها لە نیوەی دووەمی مانگی رەمەزاندا دەبیو لەدوای روکووعیشدایە ئەوا پێ دەچێ بەهێزتر بێ.

دوا وته

ئەمە ئەو چەند لاپەڕەیە بەڕەحم و هیممەتی خودا، بوو بە بەرهەمی موتەوازیعی هەوڵێکی موتەوازیع لەپێناوی خزمەتی کارێکی پیرۆز بۆ سوودی ئەوانەی سوودی لێ دەخوازن و بۆ کارپێکردن لە لایەن موسڵمانانەوە.

لە خودام داوایە ئەو هەوڵەمان لێ پەسەند بکات کە تەنیا بۆ رەزامەندی خودایەو بە ئومێدی ڕەحمەتی خودایە بە بەر لێخۆشبوونی گوناهانی بخات.

وآخر دعوانا إن الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على سيد المرسلين وعلى آله وصحبه أجمعين.

٢٠/ذي الحجة/١٤١٦ك

٩/مايس/١٩٩٦ز

هەولێر/ گەڕەکی عەداله

مزگەوتی (الفرقان)

تێبینی:

پەراوێزەکان لە زۆر سەرچاوەدا هاتوون بەڵام ئێمە بۆ دڵنیایی‌و تەئکید بۆ هەر یەکە یەکێ سەرچاوەمان نووسیوە.

سەرچاوەکان:

١- قورئانی پیرۆزو چەند تەفسیرێک.

٢- التاج الجامع للاصول في أحاديث الرسول. تأليف الشيخ منصور علي ناصيف ط٤.

٣- ارشاد الساري لشرح صحيح البخاري. تأليف ابن لعباس شهاب الدين القسطلاني.

٤- جامع الترمذي مع شرحه تحفة الأحوذي.

٥- سنن أبي داود مع حاشية عون المعبود.

٦- صحيح مسلم بشرح النووي.

٧- المجموع شرح المهذب.

للإمام أبي زكريا محي‌الدين بن شرف النووي.

٨- حاشية اعانة الطالبين للسيد أبي كبر المشهور بالسسيد البكري على حل ألفاظ فتح المعين.

٩- لسان العرب المحيط للعلامة ابن منظور.

چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری / هەولێر